(9)

سەرزەمینێک کە ئەم هەموو خوێنەی خواردۆتەوە
دەبێت شەوتی شەوی یەڵدا
ئاوا سوور بێت فەرماندە

(10)

ئەگەر ڕۆژێ بمرم
هەموو ئەو کتێبانە لەگەڵ خۆم دەبەم کە خۆشم ویستوون
گۆڕەکەم پڕ دەکەم لەوێنەی ئەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن
دڵخۆشم لەوەی کە ژوورێکی بچووکم هەیە
بێ ئەوەی لە داهاتوو بترسم
پاڵ دەکەوم
جگەرەیەک دادەگیرسێنم
دەگریم بۆ هەموو ئەو کچانەی کە پێمخۆش بوو لە باوەشیان بگرم
بەڵام لەناو هەموو لەززەتێکدا ترسێکی گەورە خۆی حەشار داوە
ترسێک کە
بەیانییەک یەکێک دەستبخاتە سەر شانت و بڵێ
سابیر هەستە بڕۆ بۆ سەر کار...

سەرچاوە:
- سایتی شعر نو



# سابیر هاکا

-سابیر هاکا بەڕەگەز کوردە و خەڵکی کرماشانە و لەتاران دەژی، تەمەنی 29 ساڵەو بە زمانی فارسی شیعر دەچڕێت.
- ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر پەیوەندی بە بارودۆخی کرێکارانەوە هەیە، بۆیە پێیدەڵێن شاعیری کرێکاران.

باران

فایلی ژمارەی داهاتوو



عەلی حەسەنیانی (هاوار)



سەمەدی بیهرەنگی



بیژەنی تەرەقی



خوان رۆلفۆ

# ئەحمەد
# رەزا
# ئەحمەدی

